من وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- یەک تەشتی ئاومان بەکاردەهێنا بۆ خۆشۆردن لە لەشگرانی، بە نۆرە بە دەستەکانمان ئاومان لێی دەردەهێنا

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «من وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- یەک تەشتی ئاومان بەکاردەهێنا بۆ خۆشۆردن لە لەشگرانی، بە نۆرە بە دەستەکانمان ئاومان لێی دەردەهێنا». ولە گێڕانەوەیەکدا: «(دەستەکانمان بەیەکدەگەیشت (پێکەوە ئاومان دەردەهێنا لە تەشتەکەدا».

[صەحیحە] [ئیبنو حیبان گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

دایکمان عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە ئەو لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێکەوە خۆیان دەشۆرد لە یەک تەشتی ئاودا؛ بۆئەوەی لەشگرانی لەسەر خۆیان نەهێڵن. وشێوازی ئەم بەشداری کردنەی لە خۆشۆردن باسکردووە، (بە نۆرە بە دەستەکانمان ئاومان لێی دەردەهێنا): جاری وا هەبوو من دەستم دەبرد بۆ تەشتەکە بۆئەوەی ئاوی لێ دەربهێنم وجاری وا هەبوو ئەو ئاوی لە دەفرەکە دەردەهێنا. بەڵام لە گێڕانەوەی دووەمدا کە (إبن حبان) گێڕاویەتیەوە وردەکاری تر هاتووە سەبارەت بەم شێوازی خۆشۆردنە، دەڵێت: (دەستەکانمان بەیەکدەگەیشت -پێکەوە ئاومان دەردەهێنا لە تەشتەکەدا-): واتا پێکەوە ئاویان لە تەشتەکە دەردەهێنا ودەستیان بەریەک دەکەوت لەکاتی دەرهێنانی ئاوەکە. بۆیە بەم پێی ئەم گێڕاونەوانە بێت جاری وا هەبووە بە نۆرە ئاویان دەرهێناوە لە تەشتەکە وجاری وا هەبووە پێکەوە ئاویان دەرهێناوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10028